دەورەی دووهەم، ژمارە( ٤٦ ). نیوەی یەکەمی گوڵانی ١٣٨٤ شۆڕش ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



# شوڕای ئینقلابی فەرهەنگی ئێران پەرەپێدەری شوێنیزم

فەرامەرز سەجیم
nalashkena@yahoo.com

پڕوپاگەندە بۆ شوێنیزمی ئێرانی و پەرەپێدانی، دەیان ساڵە ئامانج و پیشەی دەسەڵاتدارانی ئێرانییە و تەمەنی ئەم شوێنیزمە بەرچاوتەنگە بە درێژایی تەمەنی چەندین رژیمی رابردووی ئێرانە. کۆماری ئیسلامیش یەکێك لەو رژیمانەیە کە بە پێی توانای خۆی ئەم ئەرکەی بەجێ هێناوە و لەم پێناوەدا لە هیچ پیلانێك سڵی نەکردووە. شورای ئینقلابی فەرهەنگی، یەکێك لەو دامەزراوانەی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەموو ساڵانی رابردوودا بە دەربەست لە خزمەت جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە شوێنیستیەدا بووە. هەر ئەم شووڕا کۆنە پارێزە هەتا ئێستا گەلێك بڕیاری دەرکردووە کە ناوەڕۆکەکانیان بە دژی ماف گەلانی ئێرانی بووە و هەموو بڕیارەکانیشی لە رێگەی کتێبە دەرسی و فێرکارییەکانەوە بردووەتە ناو کولتووری بەشێکی زۆر لە جەماوەری ئێرانەوە. سڕینەوەی کولتووری نەتەوەکانیتری ئێرانی و سەپاندنی بە شێنەیی کولتووری یەك نەتەوە بوونی ئێران، ئەرکێکی پێسپێردراوی ئەم شوڕایەیە لەرابڕدوو و ئێستادا. ئەم شوڕایە چەندساڵ لەوەپێش و لە بڕیارێکدا دانانی ناوی غەیرە ئیسلامی لەسەر منداڵان قەدەغە کرد و ناوانەی کە ئیزن دەدری لە ناسنامەی منداڵانی بنووسری، بە ئیدارەی ئاماری ئێراندا و فەرمانی کردنی پێدان. کۆماری ئیسلامی بە زەخت و هەزاران شیرکەت و ناوەندی کار و تەنانەت دوکان لەبیرمان نەچێ کە بە هاتنە سەرکاری کۆماری گۆڕێکی بەرین لە کتێبەکانی بواری مێژووناسیی پێك هات و ناوی دەیان کەسایەتیی فارس زمانی سەرکردەکانی سوپای ئیسلام لە قۆناغە مێژووی شەڕەکانی ئیسلام هاتە ناو کتێبە بە دەگمەن ناوی کەسایەتییەکی غەیری فارس لە دەرسییەکاندا بەرچاو دەکەوێ.



غەیرە فارسی و
لیستێکی لەو
ئێرانی دا
جێبەجێ
گوشار ناوی
و بازاڕیان گۆڕی.
ئیسلامی ئاڵ و
قوتابخانەکاندا
ئێرانی و
جۆراوجۆرەکانی
دەرسییەکان و
کتێبە

لە بڕیارێکی "شوڕای ئینقلابی فەرهەنگی" کە پێك هاتووە لە ٢٠ ئەندام و بەم دواییانە لەسەر ماڵپەڕە ئێنتێرنێتییەکان بڵاوبووەتەوە، دانانی هەرجۆرە ناوێکی غەیرە فارسی و غەیرە ئیسلامی لەسەر شار و شەقام،دامەزراوە دەوڵەتییەکان، ناوەندەکانی کار و ناوەندەکانی بێهداشت و دەرمان،سینەما، پارك، بازاڕ، کارخانە، بانك ، شوێنە وەرزشی و سەیرانگاکان، فرۆشگا و شوێنە بازرگانییەکان، پاڵایشگاکان، فڕۆکەخانەکان، شوێنە زانستی و کولتوورییەکان و تێرمیناڵەکان، قەدەغە کراوە.

لە بەندی یەکەمی ئەم پەسندکراوەیەدا هاتووە: ناوی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلام و ئینقلابی ئیسلامی و شەهیدان و رووداوە گرینگەکانی خەباتی ئیسلامی لە پلەی یەکەم و ناوی کەسایەتییە ئەدەبی و زانستی و سیاسی و مێژوویی ئێران و هونەرمەندان و ئینجا ناوە سرووشتی و هزری و ئەندیشەکان لە پلەکانی دووهەم و دواتردان. لە بەندی چواردا هاتووە: "دەبێ لەو ناوانە کەڵك وەرگیرێ کە ورەی میللی و حەماسی و فەرهەنگ و کولتووری ئیسلامی دەنوێنن و پەرەی پێدەدەن". گرینگترین بەندی ئەم پەسەندکراوە بەمجۆرەیە: "بۆ

مەبەستی پاراستنی یەکپارچەیی سیاسی و فەرهەنگی وڵات و هووییەتی میللی، ناوەکان تەنیا دەبیّ فارسی بن". لە بەندی شەشەم دا هاتووە: "لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچەیە دەکریّ لە ناو و نازناوی ناو شارەکانیتر کەڵك وەرگیریّ". واتا لە کوردستان کە بزووتنەوەیەکی دژی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە، دانانی ناوی کوردی بڤەیە و دەبیّ ناوی کەسایەتییە فارسەکان و یان ناوی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی و مێژووی ئیسلام دابنریّ.

شایانی باسە لەو ٢٠ ئەندامەی شوڕای ئینقلابی فەرهەنگی ١٩ کەسیان فارس زمانن و تەنیا یەك کەسیان مازنی زمانە کە ئەویش ناتقی نوورییە، بەڵام مەیلی توندڕەوانە و دەمارگرژیی شوێنیزمی ئێرانی ناسنامە سەرەکییەکەی داپۆشیوە. بڕیاڕ و پەسەند کراوەیەکی فەرهەنگی کە لە ژێر دەستی ٢٠ شوێنیست بێتە دەر دەبیّ چەندە ماف نەتەوەکانیتری ئێران و کولتوورەکەیانی تێدا پارێزراو بێت؟ ئەگەر هەتا ئێستا بە خشکە و مووزیانە شوێنیزمی فارس لە لایەن دەسەلاتدارانەوە پەرەی پێدەدا، ئیتر لەمەوبەدوا ئەم کارە بە ئاشکرا دەکریّ. نەتەوە ئێرانییەکانی ژێر چەپۆکەی شوێنیزمی فارس لە ئێران لە سەرەتاییترین ماف مرۆڤ، واتە دانانی ناوی دڵخواز لە سەر منداڵان بیّبەشن، بەڵام دەبیّ هەموو رۆژێك ناوی کەسایەتییە نامۆکانی وڵاتانی ئیسلامی و مێژووی پڕ لە جنایەتی شەڕەکانی ئیسلام بەسەر زماندا بێنن کە لەسەر کۆڵان و شەقامی شوێنی ژیانیان دانراوە. مێژووی ئێران و کوردستان لێواولێوە لە ناوی سەدان مرۆڤی تێکۆشەر کە گیانیان لە رێی بەختەوەری مرۆڤدا بەخت کردووە، بەڵام ناوی جەللادانێکی وەك سەییادی شیرازی و چەمران و خەڵخاڵی و سەلاحەددییین ئەییووبی و دەبێ لە سەر دار و دیواری شارەکانیان بنووسریّ و ناوی تێکۆشەرانی ئەو خەڵکە قەدەغە بێت. بە پێی ئەم بڕیارە دەبیّ لەو ناوانە کەڵك وەرگیریّ کە گۆیا یەکپارچەیی سیاسی ئێران دەپارێزن. ئەمە بە مانای حاشاکردن لە ماف هەموو نەتەوەکانی ئێرانە، بێجگەلە نەتەوەی فارس. واتا باسکردن لە مافە نەتەوەییەکان و هێنانی ناوی حەماسە خوڵقێنەرانی نەتەوەکانیتر یەکپارچەیی سیاسی وڵات دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام لە راستیدا ئەوە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی حکوومەتی ئایینی ئێرانە کە یەکپارچەیی سیاسی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە و ئەوەیکە دەتوانیّ ئەم یەکپارچەییە گاڕانتی بکات، لەبەرچاوگرتنی ماف هەموو نەتەوەکان و بەشدارییانە لە دەسەڵاتدا. ئەم ئامانجەش تەنیا بە سیستمی حکوومەتێکی فێدڕالی مسۆگەر دەبێت، نەك بە قەدەغەبوونی ناودێرکردنی شار و شەقام و ناوەندەکان بە ناوی غەیرە فارسی و ئیسلامی.

بەرانبەرکیّ کردن لەگەڵ ئەم پەسەندکراوەیە کە ماف نەتەوەکانی ئێران بە تەواوی پێشێل دەکا، ئەرکی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە و ئێعتراز کردن بەم پەسەندکراوەیە جۆرێك لە خەباتی رەوا و پێشکەوتنخوازانەیە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. خەڵکی کوردستان دەبیّ بە هەموو جۆرێك لە بەرانبەر سەپاندنی وەها بڕیاڕێك خۆڕاگری بکەن. بووژاندنەوەی ناوە کوردییەکان و ناوی تێکۆشەران و کەسایەتییە شۆڕشگێرەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حەماسە خوڵقێنەرانی مێژووی کورد، ئەو ناوانەی کە شوێنیستەکان گوێیان کەڕە بۆ بیستنی، ئەو ناوانەی کە وەبیرهێنەرەوەی بزووتنەوەی دژی بیّعەداڵەتین، گونجاوترین رێگەی بەرانبەرکیّ کردن لەگەڵ ئەم بڕیارەی شوڕای دواکەوتووی ئینقلابی فەرهەنگییە. کۆماری ئیسلامی ئەگەر توانیویەتی کوردستان داگیر بکا و گەلێك بێعەداڵەتی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەڕێوە ببات، بەڵام هیچکاتێك نەیتوانیوە و لە داهاتووشدا ناتوانیّ بە فەرهەنگە رزیوە ئیسلامییەکەیەوە تەشەنە بکاتە ناو کولتووری پێشکەوتووانەی خەڵکی کوردستان. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا ناوی گەلێك شوێنی لە کوردستان گۆڕیوە و ناوی کەسانی ناوزڕاو و نەفرەت لێکراوی لەسەر داناون، بەڵام ئەم ناوانە هیچ کاتێك جیّ نەکەوتوون و لە داهاتووشدا جیّناکەون. خەڵکی کوردستان بە خەباتی خۆیان نیشانیان داوە کە بەم جۆرە بڕیارانە چۆکیان نالەرزیّ و لە مەیدان دەرناچن و ئەوە هەر کۆماری ئیسلامییە کە ریسوایی بۆ دەمێنێتەوە.

